ئاسایشی هەولێر نوێنەری گشتی مامۆستایانی وانەبێژی دەستگیرکرد



ئاسایشی هەولێر نوێنەری گشتی مامۆستایانی وانەبێژی دەستگیرکرد، ئەمش بەهۆی ئەوەی مامۆستایانی وانەبێژ بێنیازی ئێنجامدانی خۆپیشاندان بوون لەبەردەم ئێنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە هەولێری پایتەخت.

بۆیە راگەیەندراوی نوێنەرانی مامۆستایانی وانەبێژ، ئەمڕۆ شەممە (18ـی تشرینی دووەمی 2023)، لە هەولێر ئاسایشی پارتی عەلی رێئوف نوێنەری مامۆستایانی وانەبێژ لە هەولێر دەستگیرکردووە.

لە راگەیەنراوەکەدا جەخت کراوەتەوە کە دەبەت بەزووترین کات ئەو مامۆستایە ئازاد بکرێت و بۆیەچەوانەوە "مامۆستایانی وانەبێژ هەوەستیان دەبەت".

شایەنی باسە، مامۆستا عەلی رێئوف نوێنەری مامۆستایانی وانەبێژە لە هەولێر و دەیەک، چەند رۆژێکە لەگەڵ مامۆستایانی وانەبێژی سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و راپەڕین، سەرقاڵی ئامادەکاریی بوون بۆ ئێنجامدانی خۆپیشاندانی فراوان لەبەردەم ئێنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە هەولێر، سەرئێنجام بڕیانی ئەمڕۆ شەممە نوێنەری گشتی وانەبێژان لە هەولێر نزیک کاتژمێر 11 لە بازگەی ناحیەی کەڵەک لە نێوان هەولێر و دهۆک دەستگیرکرا، تا ئێستاش بێ سەروشوێنە.